# أسطورة رستم وزوراب وفق نظريات كارل غوستاف يونغ

جيگر عبدالله محمدعلي
جامعة سوران
Jegrsofyali@gmail.com

أ. د. بەخشان سابر حمد
جامعة سوران
pakhshan.hamed@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: علم الأساطير، رستم وزوراب، يونغ، الأنيما والأنيموس، البطل

**كيفية اقتباس البحث**

محمدعلي , جيگر عبدالله , بەخشان سابر حمد , أسطورة رستم وزوراب وفق نظريات كارل غوستاف يونغ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Myth of Rostam and Sohrab According to Carl Gustav Jung's Theories

**Jegr Abdullah Muhammad Ali**
**Soran University**
**Jegrsofyali@gmail.com**

**Prof. Dr. Pakhshan Saber Hamad**
**Soran University**
**pakhshan.hamed@soran.edu.iq**

**Keywords** : Mythology, Rostam and Sohrab, Jung, Anima and Animus, Hero

**How To Cite This Article**
Muhammad Ali , Jegr Abdullah , Pakhshan Saber Hamad , The Myth of Rostam and Sohrab According to Carl Gustav Jung's Theories ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**
This research is an analytical attempt to interpret the myth of **(Rostam and Sohrab**) in light of analytical psychology theories, specifically the concepts of **Carl Gustav Jung**. The study focuses on the concept of "**Archetypes**" such as the Shadow, Anima and Animus, and the Persona, exploring their roles in the construction of the hero's personality. The methodology relies on **mythological criticism**, interpreting Rostam's journey as a psychological quest to discover the "**The Self** ."
Although the legend of Rostam and Zorab is full of heroic scenes and body-to-body combat, it is therefore very suitable for research according to Young's views on the individual psyche.
However, this unique work of Kurdish literature has not been worked on in this way, which led me to work on the reflection of Young's theories in the legend of Rostam and Zorab

The study divides the hero's journey in this myth into five key stages: starting from the call to adventure and leaving the comfort zone, through encountering psychological obstacles, and finally achieving the integration of consciousness and the unconscious. The findings demonstrate that the characters within the myth are not merely historical figures, but reflections of different parts of the collective unconscious. The research concludes that the hero reaches individuation or "wholeness" only when a balance is established between the conscious and unconscious minds .In writing and preparing this research, various sources such as books, journal research, websites have been used, each of these sources have been used where necessary, especially in introducing the concepts and terms in the research.

**الملخص**

هذا البحث هو محاولة تحليلية لقراءة أسطورة **(رستم وزوراب)** في ضوء نظريات علم النفس التحليلي، ولا سيما مفاهيم كارل غوستاف يونغ. يسلط البحث الضوء على مفهوم "**النماذج البدئية**" (Archetypes) مثل (الظل، الأنيما والأنيموس، والقناع) ودورها في بناء شخصية البطل. تعتمد منهجية البحث على **النقد الأسطوري** وتفسير رحلة رستم كرحلة نفسية لاكتشاف "**الذات الحقيقية**".

على الرغم من أن أسطورة رستم وزوراب زاخرة بالمشاهد البطولية والمعارك الجسدية، إلا أنها تُعدّ مناسبة جدًا للبحث وفقًا لآراء يونغ حول النفس البشرية.

مع ذلك، لم يُدرس هذا العمل الأدبي الكردي الفريد من نوعه بهذه الطريقة، مما دفعني إلى دراسة انعكاس نظريات يونغ في أسطورة رستم وزوراب.

تُقسم الدراسة رحلة البطل في هذه الأسطورة إلى خمس مراحل أساسية: تبدأ من النداء للرحلة ومغادرة منطقة الراحة، وصولاً إلى مواجهة العقبات النفسية، وأخيراً اتحاد الوعي واللاوعي للوصول إلى الذات الحقيقية. تثبت النتائج أن الشخصيات داخل الأسطورة ليست مجرد صور تاريخية، بل هي انعكاس لأجزاء مختلفة من اللاوعي الجمعي. وتخلص الدراسة إلى أن البطل يصل إلى مرحلة الكمال عندما يتمكن من خلق توازن بين الوعي واللاوعي. في كتابة وإعداد هذا البحث، تم استخدام مصادر متنوعة مثل الكتب والبحوث المنشورة في المجلات والمواقع الإلكترونية، وقد تم استخدام كل من هذه المصادر عند الضرورة، وخاصة في تقديم المفاهيم والمصطلحات في البحث.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

# ئەفسانەی ڕۆستەم و زۆراب بە پێی تیۆرییەکانی کارڵ گۆستاڤ یۆنگ

جێگر عبدالله محمدعلی
زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی کوردی
Jegrsofyali@gmail.com

پ. د. پەخشان سابر حەمەد
زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی کوردی
pakhshan.hamed@soran.edu.iq

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ شیکردنەوەی ئەفسانەی **(ڕۆستەم و زۆراب)** لەژێر ڕۆشنایی تیۆرییەکانی دەروونناسی شیکاری، بەتایبەت چەمکە گەردونییەکانی **کارڵ گۆستاڤ یۆنگ**. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی ڕەنگدانەوەی **"تەرزە سەرەتاییەکان** (Archetypes) "وەک (سێبەر، ئەنیما و ئەنیمۆس، دەمامک) و ڕۆڵی کاریگەریان لە بنیادنانی کەسایەتی پاڵەواندا. میتۆدی کارکردن لەم توێژینەوەیەدا پشت بە **ڕەخنەی ئەفسانەناسی** دەبەستێت و گەشتی ڕۆستەم وەک گەشتێکی دەروونی قووڵ بۆ دۆزینەوەی **"خودی ڕەسەن The Self"** لێک دەداتەوە .
لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقەکەوە، توێژینەوەکە گەشتی پاڵەوانی بۆ **پێنج قۆناغی سەرەکی** دابەش کردووە؛ کە لە بانگێشتکردن بۆ گەشت و جێهێشتنی ناوچەی ئارامەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستە دەروونییەکان و دواجار یەکگرتنی ئاگایی و نائاگایی. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەسەلمێنن کە کارەکتەرەکانی نێو ئەفسانەکە تەنها وێنەی مێژوویی نین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی بەشە جیاوازەکانی نائاگایی کۆین. توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پاڵەوان کاتێک دەگات بە کاملبوون, بتوانێت هاوسەنگی لەنێوان بەشی ئاگایی و نائاگاییدا دروست بکات. ئەم کارە پێشنیار دەکات کە دەقە ئەدەبییە کوردییەکان لە ڕەهەندە دەروونییەکانەوە زیاتر تێبگەین بۆ ناسینی قووڵتری ناسنامە و ناخی تاکی کورد .

**وشە سەرەکییەکان:** ئەفسانەناسی، ڕۆستەم و زۆراب، کارڵ گۆستاڤ یۆنگ، ئەنیما و ئەنیمۆس، گەشتی پاڵەوان .

## پێشەکی

تەرزە سەرەتاییەکان یاخود ئەرکیتایپەکان، گرنگترین دەستەواژەی قوتابخانەی دەرونشیکارییە کە لەلایەن کارڵ گۆستاڤ یۆنگ ئاماژەیان پێکراوە، وێنەی ئەو ڕەفتار و کردەوانەیە لە ناو نائاگایی کۆ(دەستە جەمعی)هەموو تاکێکدا هەیە، ئەم بۆچوونانەی یۆنگ بەشێوەیەکی بەربلاو لە نێو ئەفسانە و داستان و حەکایەتەکاندا شوین پێیەکی تۆکمەیان هەیە, بەشیوەیەکی بەرچاو لە سیمای کارەکتەر و کەسایەتییەکانی نێو داستانەکە, تەنانەت خودی نووسەرەکە یاخود گێڕەرەوەکەدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە لە سەردەمێکی وەک ئەمڕۆماندا هەر رەفتارێکمان دەلالەتە بۆ دەرکەوتنی تەرزە سەرەتاییەک، یاخود زاڵبوونی تەرزە سەرەتاییەک بەسەر بەشەکانیتری نێو نائاگایی کۆ(دەستە جەمعی)دا.

لەم توێژینەوەیەدا، باسێکی کورتی نائاگایی کۆ(دەستە جەمعی)و نائاگایی تاک دەکەین، دواتر هەردوو تەرزە سەرەتای (ئەنیما و ئەنیمۆس، پاڵەوان) وەردەگرین و لە ئەفسانەی (ڕۆستەم و زۆراب)دا پڕاکتیکەی دەکەین، هەموو ئەو قۆناغانەش شیدەکەینەوە کە کارەکتەرێک دەبێت

تێیانپەڕێنێت، بۆ ئەوەی بگات بەو قۆناغەی دەیگەیەنێت بە خودی ڕەسەن، کە بە گرنگترین ئەو تەرزە سەرەتاییانە دادەنرێت، کە یۆنگ لەدوای لێکدانەوەی ناخ و دەروونی نەخۆشەکانی پێگەیشتبوو.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە**

سەرەڕای ئەوەی ئەفسانەی ڕۆستەم و زۆراب پڕاوپڕە لە دیمەنی پاڵەوانانە و جەنگی تەن بە تەن، بەهۆی ئەوەشەوە زۆر گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوە بەپێی تێروانینەکانی یۆنگ لەبارەی دەرونی تاک، بەڵام تاکو ئێستا بەمشێوەیە کار لەسەر ئەم بەرهەمە ناوازەیەی ئەدەبی کوردی نەکراوە، ئەمەش بوە هۆکاری ئەوەی لەبارەی ڕەنگدانەوەی تیۆرەکانی یۆنگ لەنێو ئەفسانەی ڕۆستەم و زۆرابدا کاربکەم

**پرسیاری توێژینەوەکە**

١- تەرزە سەرەتاییەکان چیین؟ چۆن دەتوانین لە نێو دەقێکی ئەدەبیدا شیکاریان بکەین؟
٢- ئایا یۆنگ چۆن پاڵەوان وەک تەرزە سەرەتایەک ڕاڤە دەکات و لە نێو دەقەکەدا چۆن هاتووە؟
٣- خودی ڕەسەن چییە؟ چ کاتێک دەتوانین بگەین بەم خودە ڕەسەنە؟

**میتۆدی توێژینەوەکە**

میتۆدی توێژینەوە کە(وەسفی، شیکاری، ڕەخنەی)یە، پەیڕەوی ڕەخنەی ئەفسانەیی دەکات، تیشک دەخاتە سەر تیۆرەکانی یۆنگ و ڕەنگدانەوەی لە ئەفسانەی ڕۆستەم و زۆرابدا.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە**

لە نوسین و ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا، چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر وەک: کتێب، توێژینەوەی گۆڤارەکان، پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنتەرنێت بەکارهێنراون، هەر یەک لەم سەرچاوانە لە شوێنی پێویس سودیان لێ وەرگیراوە، بەتایبەت لە ناساندنی چەمک و زاراوەکانی نێو توێژینەوەکە، بەڵام سەبارەت بە بابەتە بنەڕەتییەکەدا بەهۆی نەبوونی سەرچاوە وەرگێڕدراوەکان، زیاتر سود لە توێژینەوە بڵاوکراوەکان وەرگیراوە.

**پلانی توێژینەوەکە**

- **زاراوە و چەمکی ئەفسانە**
- **یۆنگ و تێڕوانینەکانی لە بارەی**
  - یەکەم: من(هەستی)
  - دووەم: نەستی تاک:
  - سێیەم: نەستی کۆ:

**تەرزە سەرەتاییەکان:**

- **ئەنیما و ئەنیمۆس**
- **پاڵەوان**
  - **گەشتی پاڵەوان**
  - **قۆناغەکانی گەشتی پاڵەوان:**
    - یەکەم: بانگەشتکردن بۆ گەشت ( وریاکردنەوەی ئیگۆ)
    - دووەم: بەجێهێشتنی شوێنی ئارام (جوڵەپێکردنی ئیگۆ)
    - سێیەم:ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستەکان (گەیشتن بە بەشی نائاگایی )

- چوارەم: سەرکەوتن بەسەر بەربەستەکان (یەکگرتنی بەشی ئاگایی و نائاگایی)
- پێنجەم: گەڕانەوە دوای گۆڕانکاری (گەیشتن بە خودی ڕەسەن)

**١. زاراوە و چەمکی ئەفسانە**

ئەفسانە سنورێکی بەرفراوان لە نێو ئەدەبیاتی جیهانیدا داگیرکردووە و لە هەر وڵاتێک بە شێوەیەکی جیاواز خۆیان دەرخستووە، ئەم خۆدەرخستنەش وایکردووە لە هەر وڵاتێک بەشێوەیەکی جیاواز باس لە ئەفسانە بکرێ. واتە ئەفسانە بەهۆی ئەو بەربڵاویەی هەیەتی وایکردووە هەر ئەفسانەناسێک بە شێوەیەکی جیاواز لە ئەفسانە بڕوانێت و پێناسەی بکات. وشەی (ئەفسانە) زۆر لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بۆکراوە، هەر لێکۆڵەرێک بە شێوەیەکی جیاواز باسییان لێوە کردووە، میرچا ئیلیادە (١٩٠٧ - ١٩٨٦) دەڵێت: "ئەفسانە سەربوردەیەکی پیرۆز و مینۆڤی"ئاسمانی"دەگێڕێتەوە، پیشاندەری ڕووداوێکە کە لە زەمەنی دەسپێک، زەمەنی پڕ نهێنیی سەرەتای هەموو شتێک ڕوویداوە" ( خۆشناو، ٢٠١٣: ١٥-١٦) هەر بەسەرهاتێک مێژوویەکی کۆن و دێرینیان هەبێت، دەکرێت بخزێنە نێو بازنەی بەسەرهاتێکی ئەفسانەیی، یاخود بەهۆی گۆڕانکاری زۆر بە درێژایی مێژوو وای لە چەند ڕووداوێکی ئاسایی کردووە لەسەردەمی ئێستادا وەک داستانێکی ئەفسانەیی سەیربکرێت، جۆزێف کامبل (١٩٠٤ – ١٩٨٧) لە پێناسەکردنی (ئەفسانە)دا دەڵێت: "ئەفسانە ئەو دەرگا نهێنییەیە و وزەی جیهانی لێوە دەردەپەڕێ،ئەو وزەیەی کۆتایی نایە و دەڕژێتە نێو دەریای کولتووری مرۆییەوە" (کامبڵ، ٢٠٢٠: ١٩) ، ئەم دەربڕینەی کامبل وا دەردەخات هەموو ئەفسانەکان کە لە کۆندا گوتراون، کۆمەڵێک هێما و ڕەمز لە پشت ئەو دەستەواژانەدا هەن کە لەنێو ئەو ئەفسانانە دەربڕدراون و لە سەردەمی ئێستاماندا دەتوانین سوودیان لێوەربگرین بۆ تێگەیشتن لە هەموو ئەو ڕووداوانەی لە جیهان سەرهەڵدەدەن و ناتوانین لێیان تێبگەین، هەروەها ڕۆلاند بارت (١٩١٥ - ١٩٨٠) لە پێناسەکردنی ئەفسانەدا بەمشێوەیە دەدوێ و دەڵێت: "ئەفسانە بەشێکە لە سیمیۆلۆژیا، چونکە ئەو سیمبولانە دەردەخات کە لە کۆندا هەبوون، شێوەی دروستبوونیان دەردەخات" (بارت، ٢٠١٢: ٢٢٩) هەموو ئەو هێما و سومبولانەی لە نێو ئەفسانەکان بەکارهاتوون لەسەردەمێکی وەکو ئەمڕۆدا وەک بنەما و سیمایەکی دیار و بەرچاو بۆ ناسینەوە ئەفسانەکان دانراون، جیرالد لارسون (١٩٣٨ – ٢٠١٩) دەڵێت "ئەفسانە لە بنەڕەتدا، گێڕانەوەی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەن کە لە خوداوەند و هێزە نادیارەکانەوە بەهۆی مرۆڤەوە، یان بەهۆی پەیوەندیی هۆز و تیرە ڕەگەزگەلی کۆمەڵانی مرۆڤەوە بەیەکتری، بە مەبەستی خستنەڕووی ئەزموونەکانی ڕابردوو سینگ بە سینگ گێڕاویانەتەوە" (پیرباڵ، ٣٨٩ :٥٠) هەموو کۆمەڵگە و نەتەوەیەک لە جیهاندا لەسەرەتاکانی ناسین و هەستکردن بە دیاردە سروشتی و ڕووداوە کەونییەکان وای لێکردون هەموو ئەو ڕووداوانە پەیوەستکەن بە هێزێکی لە ڕادەبەدەر و لە توانای مرۆڤ بوونی نەبووە، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای (ترس) لەم ڕووداوانەدا درووست بوون.

کارڵ گۆستاف یۆنگ (١٨٧٥ – ١٩٦١) لە ناساندنی ئەفسانەدا بەم شێوەیە دەدوێ و دەڵێت: "هیچ کاتێک ئەفسانەکان بەشێوەیەکی ئاگایانە درووست نەبوون بەڵکو لە نائاگایی مرۆڤ سەرهەڵدەدەن و درووست دەبن" (Jungian center،٢٠١٧)

لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان لە بەرامبەر زاراوەی (myth) ئینگلیزی ئەم زاراوانەی بۆ بەکارهاتوون

- ئەفسانەی خواوەندەکان کە لەلایەن د.مەولود ئیبراهیم دیاریکراوە
- بە سەرگوزەشتەی پڕوپوچ
- ڕاز و داستان و حەکایەت

لە زمانی کوردی جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینین لە نێوان هەردوو دەستەواژەی ( Myth - Legend ) بۆ هەردوو دەستەواژەکە زاراوەی ئەفسانە بەکارهاتووە، تەنها د.مەولود ئیبراهیم بۆ دەستەواژەی (Legend) ئەفسانە و بۆ (Myth) ئەفسانەی خواوەندەکانی بەکارهێناوە، لە زمانی فارسیش دا بۆ دەستەواژەی (Myth) اسطورە بەکارهاتووە و بۆ (Legend) افسانە بەکارهاتووە.

ئەفسانە بەهۆی دروستبوونی ئەو هەستە لەناکاوانە یاخود نائاگایانە درووست دەبن، کە بەهۆی درووستبوونی دیاردە سروشتی و ڕووداوە مێژووییەکان بنیادنراون و لە نائاگایی مرۆڤ دا ئەم داستانە ئەفسانەییانەیان بنیاد ناوە، بۆیە لەکاتێکی وەکو ئێستاماندا، خەون شوێنی ئەفسانەکانی گرتۆتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو هەستە نائاگاییانەی لەکاتی خەوندا بەبێ ئاگای مرۆڤەکە درووست دەبن و لە نائاگاییانەوە سەرچاوە دەگرن و هێماکانی ئەفسانەیان لەنێو خەونەکاندا بوونیان هەیە و هەبوونییان پارێزراوە "چونکە نائاگایی مرۆڤ نوێ توانای درووستکردنی هێماکانی پاراستوە" ( یونگ، ٢٠٢٤: ٢٠٠)

یەکێک لە بۆچونە گرنگەکانی یۆنگ، کە لە دەروونناسەکانی تر جیای دەکاتەوە، بەتایبەت (سیگمون فرۆید ١٩٣٩-١٨٥٦) بریتی بوو لە بوونی نەستی کۆیی لەلای مرۆڤدا، فرۆید کاتێک دەروونی مرۆڤی بەسەر دوو بەش دابەشکرد، ئەوانیش ئاگایی و نائاگایی بوو، دەیگووت ئەوەی لە ئاگایی مرۆڤ بوونی هەیە، بەشی رووکەشی دەروونی مرۆڤە، کە لایە فراوانەکەی بەشی (نائاگاییە)، بەبڕوای فرۆید خۆی لەهەموو چەپێندراوە کۆمەڵایەتیی و کەلتوری و سێکسۆلۆژیا دەبینێتەوە، بەڵام یۆنگ لەم باوەڕەیەدابوو، بەشی نائاگایی  بەسەر دوو بەش دابەش دەبێت، بریتین لە (نائاگایی تاک؛ لەدوای ئەزموونکردنی تاک لەنێو نائاگایی تاک کۆدەبنەوە، بەڵام (نائاگایی کۆیی)ئەو بەشەیان لەو هەستانە پێکهاتووە، کە بۆ مێژوویەکی کۆنتر لە ئەزموونی تاک دەگەڕێتەوە، وەک بۆماوەیی وایە لە قۆناغێکی مێژووی کۆن لەگەڵ دەروونی مرۆڤ هاتوون و بەشێکی بەرفراوانییان لە دەروون پێکهێناوە

## ٢. یۆنگ و تێڕوانینەکانی

کارڵ گۆستاف یۆنگ(١٨٧٥-١٩٦١ز)پزیشکێکی دەروونناسی سویسری و دامەزرێنەری دەروونناسی شیکارییە، بەهۆی هەموو ئەو کارە جیاوازانەی لەسەر فەردییەت و تاکایەتی مرۆڤی کردووە، بووەتە کەسایەتییەکی دیاری نێو زانستی دەروونناسی و مێژووی دەروونناسی، شێوەیەکی جیاواز یاخود پەڕێکی نوێ و کاریگەری لە بواری دەروونناسیدا هەڵداوەتەوە و بووە بە قۆناغێکی نوێ و کاریگەر لە بواری دەروونناسیدا، یۆنگ(١٨٧٥-١٩٦١ز) لە ٢ی تەمووزی ١٨٧٥ز لە سویسرا هاتۆتە دونیاوە، یۆنگ منداڵێکی چاوکز بوو، بەردەوام چاویلکەیەکی لەچاو بوو، بەڵام هیچ کاتێک ئەم چاوکزییەی نەبووەتە بەربەست و ئاستەنگ لەبەردەم بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی تواناکانی، یۆنگ دوای بڵاوبوونەوەی پەرتوکی ( لێکدانەوەی خەونەکان)ی سیگمۆند فرۆید(١٨٦٥-١٩٣٩ز) لە ساڵی (١٩٠٠ز)، کاریگەری لەسەر یۆنگ درووستکرد، تا ئێستاش وەک قوتابییەکی دڵخوازی فرۆید دادەنرێت، یۆنگ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم پەرتوکە بیروبۆچونەکانی لەبارەی دەروونی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەرداهات و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

قوڵتر لە دەروونی مرۆڤی کۆڵییەوە، سەرەتا لەگەڵ مامۆستاکەی هاوڕابوو، بەڵام لە دەروونی مرۆڤ و بەشی نائاگاییدا لەگەڵ مامۆستاکەی هاوڕا نەبوو، ئەمەش لە کۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی سنووری کارکردنی خۆیان لەیەکتر جیا بکەنەوە، یۆنگ لە دیاریکردنی بەشی ئاگایی، کە بە بەشی (من یان ئیگۆ) دەناسرێت هاوڕابوو بەڵام بەشی نائاگایی، بەسەر دوو بەش دابەشکرد (نەستی تاک و نەستی دەستە جەمعی)

> "یۆنگ دەرونی مرۆڤ بۆ سێ بەش دابەش دەکات یەکەمیان (من) کە لەگەڵ ئاگاییدا(ئەقڵی ئاگا) پێناسەی دەکات. ... ئەمیان هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ناکەونە ناوچەی ئاگاییەوە. دووەمیان نائاگایی کەسی هەموو ئەو یادەوەری و هەست و سۆزە چەپێنراوانە دەگرێتە خۆی کە لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا ئەزموونیان دەکات، بەڵام ئەو ڕەمەکانە ناگرێتە خۆی کە پێشتر فرۆید جەختی لەسەر کردوون، بەتایبەت ڕەمەکی سێکس. ... سێیەمیان نائاگایی دەستە جەمعی، کە دەتوانین پێی (میراتی دەروونی یان بۆماوەی دەروونی) ئەمەیان هەموو ئەزموون و تاقیکردنەوە گوزەرانییەکانمان وەکو چەشنی مرۆڤ دەگرێتەوە و بۆ نەوەکانی دواتر دەگوازێتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ درک بەمە ناکەین" (یۆنگ،٢٠٢٤: ٣٠)

لەم دابەشکردنەی یۆنگدا بنیاد و پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ دەکات بە سێ بەش.

### ٢. ١ من(هەست)

ئاگایی (هەست) پەیوەندی بەو بەشەی بیرکردنەوەی لۆژیکی هەیە کە لەواقعی ڕۆژانەدا پەی پێ دەبەین، واتە هەر بیرکردنەوەیەک لە خەیاڵی خۆمان لە بەدیهێنانیان یان ئەنجامدانیدا ڕۆڵمان هەیە، یاخود دەتوانین بە ئەنجامیان بگەیەنین، دەگرێتەوە. ئەگەر بیر لە ئەنجامدانی گەشتێک بکەینەوە و بتوانین لە واقیعی ژیان ئەنجامی بدەین، ئەوە دەچێتە چوارچێوەی ئاگایی (هەست)ی خۆمان، کەواتە ئاگایی واتە گرنگیدانی تەواو بە ئەو ساتەوەختەی تێیدا دەژین و ئاگاداربوون لە بیرکردنەوە و هەستکردن بە دەوروبەرمان بەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی لەبارەوە بدەین.

مەبەست لە هەست، ئەوەیە مرۆڤ لە بارێکی هۆشیاری و ئاگایی دابێت، هەروەها دەتوانێت لە دەوروبەری خۆی بروانێت و بینەرێکی هۆشیاری هەموو ئەو ڕووداوانە بێت، کە لە دەوروبەری خۆی ڕوودەدەن، بە بڕوای یۆنگ هەست بەشێکی بچوک لە دەروونی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئاگایی (هەست) پەیوەندی بە بەشی بیرکردنەوەی لۆژیکی هەیە، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەستی پێ دەکەم، واتە هەر بیرکردنەوەیەک لە خەیاڵی خۆمان هاتە بوون و لە بە ئەنجام گەیاندنیدا ڕۆڵمان هەبوو، یاخود لە تواناماندا هەبوو بە ئەنجامیان بگەیەنین یاخود بەئەنجامی نەگەیەنین، دەگرێتەوە، ئەگەر بیر لە ئەنجامدانی گەشتێک بکەینەوە و بتوانین لە واقعی ژیان ئەنجامی بدەین یان نەدەین، بەڵام لە ئاگاییمان بوونی هەبێت، ئەوە دەچێتە چوارچێوەی خاڵی (ئاگایی – هەست)ی دەروونی خۆمان " ئاگایی لە ڕووی شوێنەوە، ئەرکی یەکەمی پەیوەندی کردنە بە جیهانی دەرەکی لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنەمان کە ئاگایی ڕوپۆشی یان ڕووی سەرەوەی ئەقڵە " (نجاتي، ٢٠٢٠: ٢٥) واتە ئاگایی (هەست) ڕووی دەرەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە، خۆی لە کردەوە و ڕەفتارەکان دەبینێتەوە، دوورە لە خەون بینین، چونکە ئەمە دەکەوێتە قاڵبی نائاگایی کەسییەوە. یۆنگ دەڵێت "من بریتییە لە ویژدانی ئاگایی، لە چەند پێکهاتەی خۆئاگایی ... پیکهاتووە، من بەرپرسی ... کەسایەتییە و سنور و چەقی سەرەکی و ویژدانی ئاگایی ئەژمار ئەکرێت" (شامله، ٢٠١٩ : ٦٢ ) کەواتە ئاگایی واتە گرنگیدانی تەواو بە ئەو

ساتەوەختەی تێیدا دەژین و ئاگاداربوون لە بیرکردنەوە و هەستکردن بە دەوروبەرمان بەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی لەبارەوە بدەین.

### ٢. ٢ نەستی تاک

یۆنگ پێی وابوو لایەنێکی بچووک و ڕووکەش لە نەست، بێ شک بۆ تاک دەگەڕێتەوە، ناوی ناوە نەستی تاکەکەسی،(لە سەرەتادا نەست بۆ هەموو ئەو بیرە سەرکوتکراو و فەرامۆشکراوانە بەکارهاتووە، تەنانەت فرۆیدیش لەو باوەڕەدابوو نەست کانگای حەزە سەرکوتکراوەکانە، کە لە نەست حەشاردراون،)(Jung, C. G. 1968: ٢٠) نەستی تاک لەو بارە کۆمەڵایەتی و دەروونی و کەلتورییانە سەرچاوە دەگرێت، کە لەنێو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە و دەبنە بەربەست لەبەردەم تاک، واتە هەموو ئەمانە دەبنە پاشخانێک یان ئەزموونێکی بەدینەهاتووی نوستوو لە دەروونی تاکەکەدا، لە هەر کات و ساتێکدا لە نائاگایی تاکدا خۆیان دەردەخەن، چونکە (ئەم بەشەی نەستی تاک لەژێر کاریگەری حەزە چەپێندراوەکانن، وەک ئازارەکان، داواکارییە قبوڵنەکراوەکان، ...هتد، فرۆید لەوم باوەڕەیەدابوو کە هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاک دەبێت بەبێ ئەوەی ئەم تاکە هەستی پێبکات) (ماهر، Civilica.com: ٢٠٢٥/٤/١)

ئەم بەشەی دەروونی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی لەو ئەزمونانە پێکهاتووە کە تاک بە درێژایی تەمەنی خۆی پێیاندا گوزەریکردووە و لە نەستی تاکدا کۆبونەتەوە، بۆیە ئەگەر سەیری ئەو مرۆڤانە بکەین لەکاتی منداڵیدا و لەکاتی قسەکردندا سەرکوت کراون، لە تەمەنێکی گەورەتردا کەسانی بێدەنگ و گۆشەگیر دەردەچن، ئەم کاریگەرییە بەشێوەیەکی نائاگایی کاریگەری درووست دەکات لەسەر ئاگایی (ئیگۆ)ی تاک.

### ٢. ٣ نەستی کۆ

یۆنگ لایەنی قوڵی نەستی تاکەکەسی، کە لە ئەزموونی شەخسی- و تاکەکەسی سەرچاوەیان نەگرتووە، ئەو بەشە لە نەست ناودەنێت نەستی گشتی (کۆ) کە بەشێک نین لە نەستی تاکەکەسی، بەڵکو گشتگیرن، بەپێچەوانەی دەروونی مرۆڤ، شوێنی کۆمەڵێک ڕەفتارە، کەم تا زۆر لە هەموو شوێنێک و لەلای هەموو کەسێک یەکسانە و بوونی هەیە، پەیوەندییەکی دەروونی هاوبەش لەگەڵ ماهییەتی کەسایەتی درووست دەکات، لە نێوان تاک تاکی ئێمە بوونیان هەیە،

هەروەها یۆنگ لە نێو نەستی گشتی یاخود نەستی کۆدا، تەرزە سەرەتاییەکان (ئارکیتایپ Archetype ) دەستنیشان دەکات، بەهۆیانەوە دەتوانین پەی بە دەروونی مرۆڤ و ڕەفتارەکانیان ببەین، چونکە کۆمەڵێک بنیادی دەروونین، لە نێوان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ڕەنگدەدەنەوە، بەشێوەی بۆماوەیی لە باوانەوە بۆ کوڕەکان و لە کوڕەکانیشەوە بۆ منداڵەکان و نەوەکانیان گوازراونەتەوە، واتە "بە بڕوای یۆنگ تەرزە سەرەتاییەکان بە (DNA)ی دەروونی مرۆڤ (سایک) لەقەڵەم دەدرێن" (یۆنگ، ٢٠٢٤: ٢٧) ئەم تەرزە سەرەتاییانە زگماکین، واتە بەهۆی پەروەردە یان فێربوون و ئەزموون کردن وەریاننەگرتوون، چونکە وەک چوارچێوەیەک وان لەنێو نائاگایی کەسی کۆبونەتەوە، ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی کوردی بکەین، تاکو ئێستاش خەڵکێکی زۆر بە ڕۆژی سێشەممان سەرتاشین (تراش) ناکەن، ئەمە بەهۆی فێربوون یان پەروەردەکردن ئەم سەردەمە ئەو بیرکردنەوانە درووست نەبوون، چونکە ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەفتارانەیە کە لە زەمانی زوو لە ناوچەکە ڕەنگی داوەتەوە، جا بەهۆی بیروباوەڕی ئایینی بێت یاخوود نا، سەردەم دوای سەردەم گواستراونەتەوە. "یونگ لەو باوەڕەیەدابوو کە تەرزە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سەرەتاییەکان ڕەفتاری مرۆڤەکان ڕێنمایی دەکەن، چونکە ئەم ڕەفتارانەی مرۆڤ بەشێوەی نائاگایی کەسایەتی بەم مرۆڤە دەبەخشن" ( قربانی، digikala.com: ٢٠٢٣/٧/٥)
هاردینگ لەبارەی کاری تەرزە سەرەتاییەکان (ئەرکیتایپەکان) لە گەشەکردنی تاک دا دەڵێت: "لە گەشەکردنی تاک لە قۆناغی منداڵی تاکو پیری، ئەرکیتایپەکانی ناخودئاگایی دەست بەکار دەبن و هەر یەک لەو ئەرکیتایپانە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەن بەشێوەی ئەرکیتایپ دەستبەکار دەبن" (امینی، 1381 :٥٥)
یۆنگ چەندین لەم تەرزە سەرەتاییانە دیاریدەکات، کە ئێستا بەشێوەیەکی بەربڵاو بوونەتە جێگای سەرنج و تێڕامانی توێژەران لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا لێکۆڵینەوەوی لەبارەوە ئەنجام دراوە، منیش لێرەدا ئاماژە بەو تەرزە سەرەتاییانە دەدەم، کە توانیومە سودیان لێ وەربگرم لە ڕاڤە و شرۆڤەکردنی ئەم بابەتانەی ئەم تەرزە سەرەتاییانەیان تێدا ڕەنگیانداوەتەوە، وەک (ئەنیما و ئەنیمۆس ، پاڵەوان)

### ٣. تەرزە سەرەتاییەکان

### ٣. ١ ئەنیما و ئەنیمۆس

یەکێک لەو تەرزە سەرەتاییانەی کە لە ناو نائاگایی مرۆڤ دا بوونی هەیە و زۆربەی جاریش کاریگەری لەسەر مرۆڤ دروست دەکات، لەکاتی هەڵوەستەکردن و بڕیاردان لەبارەی شتێک یان ڕووداوێک، بریتییە لە هەردوو تەرزە سەرەتاییەکانی (ئەنیما و ئەنیمۆس)، ئەنیما خۆی لەو خوە ژنانیانەی ناو ناخی پیاو دەبینێتەوە و ئەنیمۆسیش خۆی لەو خوە پیاوەییانەی ناو ناخی ژن دەبینێتەوە، بە بڕوای یۆنگ ( ئەنیما) لەو ڕەفتارانەی دایک سەرچاوە دەگرێت کە پیاو یان منداڵ لە ژیانیدا وەریاندەگرێت و ئەزموونیان دەکات، هەروەها (ئەنیمۆس)یش لە ڕەفتارەکانی باوک سەرچاوە دەگرێت، کە کچ لە ژیانیدا ئەزموونی دەکات و کاریگەری دروست دەکات و لە نائاگایدا شوێنی خۆی دەکاتەوە، واتە دایک و باوک بە پلەی یەکەم کاریگەرییەکی بەهێزیان دەبێت لەسەر بنیادنانی (ئەنیما و ئەنیمۆس) لە نێو نائاگایدا. "یۆنگ باوەڕی وایە هەموو مرۆڤێکی نێر ڕۆحێکی مێینەی لەناخی خۆی دا حەشارداوە، هەموو مرۆڤێکی مێینەش ڕۆحێکی نێرینەی لەناخی دا خۆی حەشارداوە" (حسێن و محەمەد ، ٢٠٢٥: ٥٩٦) لەسەرەتای درووستبوونی مرۆڤایەتیدا، کاتێک لە باوکە ئادەم بەشیک جیاکرایەوە و دایکە حەوای لێ دروستکرا، ئەم هەستە ژنانەی و پیاوانەیە لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی لەگەڵ هەردوو ڕەگەزەکەدا ژیاون و بەنەمری ماونەتەوە، جا بەپێی بارودۆخەکانەوە هەندێک گۆڕانکاری ڕووکەش لەم هەستانە ڕوویداوە، بەڵام ناگەن بە هەستە قوڵەکە، کە یۆنگ بە هۆیەوە ئەم دوو جۆرە (ئەنیما و ئەنیمۆس)ن بە یەکێک لە گرنگترین تەرزە سەرەتاییەکانی بنیادنانی کەسایەتی مرۆڤ دابنێت، بوونی ڕۆحی ژن لەناخی پیاودا، یاخود بوونی ڕۆحی پیاو لە ناخی ژندا، دەبێتە هۆی درووستکردنی هاوسەنگی دەروونی و جەستەیی بۆ ئەو کەسە، بۆیە بوونیان وەک پێداویستیەکی گرنگ دادەنرێت، بۆ دووربوون لە نەخۆشی دەروونی و بنیادنانی کەسایەتییەکی تەندرووست و دوور لە نەخۆشی.

ئەگەر سەیرێکی ئەو حەکایەت و داستان و چیرۆکە کۆنانە بکەین، کە تاکو ئێستا بە نەمری و زیندوویی ماونەتەوە. هەست بە دۆخێک دەکەین لەو حەکایەتانە، کە لە دەرونی خۆمان بوونی هەیە و هاوتەریبییەک لە نێوانیان بوونیان هەیە، واتە هەموو ئەو دۆخە دەرونییانە لە هەموو سەردەمێک بوونی هەبووە، بەڵام بەهۆی گۆڕانی سەردەمەکە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەڵام ئەو بنەچەی تەرزەسەرەتاییەکەی لەناخی دا لەسەر بنیادنراوە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە واتە گۆڕانکارییەکە تەنها ڕووکەشین بەلای کرۆکی تەرزە سەرەتاییەکەدا ناچن، "هەرچەند مرۆڤ لە نیوەکەی خۆی جیاکراوەتەوە، بەڵام وێنەی ئەو پارچە جیایەی خۆی هەر لەناخی دا بوونی هەیە وادەکات لە ژیانیدا بەدوای ئەو بەشە ونبووەی خۆی بگەڕێت کە هاوتەریبە لەگەڵ خۆی" (رضا و همکاران، ١٤٠٠: ٢٣٠) هەر مرۆڤێک لە هەموو ئەو حەز و ئارەزووە چەپێندراوانەی لەناخیدا بوونیان هەیە، وێنەیەک لە خودی دا هەیە تایبەتە بەڕەگەزی بەرامبەر، یارمەتی دەدات لە دۆزینەوە و خوێندنەوەی ئەو ڕەگەزەی لەگەڵ بوونی خۆی هاوشێوەیە، بۆیە بوونی ئەم جۆرە نائاگاییە لەناخی ڕەگەزە جیاوازەکاندا، وەک بوونێکی گرنگ سەیردەکرێت. هەر یەک لە هەردوو ڕەگەزەکان کاتێک دەتوانن بوونی خۆیان و ئەو کەسایەتییەی کە بۆخۆیان درووستکردووە یان هەوڵی دروستکردنی دەدەن بپارێزن، وەک خودێکی سەرکەوتو دەردەکەون، دەبێت بتوانن هاوسەنگی لەنێوان خودی خۆیان و ڕۆحە مێینەکەی ناخیان یان ڕۆحە نێرینەکەی ناخیان ڕابگرن و سنورەکانیان بپارێزن.

ئەگەر سەیری ئەفسانەی ڕۆستەم و زۆراب بکەین، چەندان حاڵەتی دەرکەوتنی تەرزە سەرەتاییەکانی (ئەنیما و ئەنیمۆس) بەدی دەکەین، هەریەکەیان لە دیمەنێک لە دیمەنەکانی نێو ئەفسانەکە دەرکەوتوون، کە ئێستا ئاماژە بە هەندێک لەو دیمەنانە دەدەین.

ئاواتم واستەن، ئەوەند نەمردام          تماشای بازووی ڕووسەم بکردام
ئینە چەند ساڵەن، من ئارەزوومەن          نەفکر و خەیاڵ، ئارەزووی توومەن...

ئێران و توران، ئاوەردی بەدەست          چەن هەزار بەوران، وە گورزت بی پەست
جەو ساوە سەودای تووم کەفت نە خەیاڵ          وە خەم مە ویەروو، ڕووز و مانگ و ساڵ

(چەمەنئارا،٢٠٢٣: ١٠٣-١٠٤)

لەم دیمەنەدا تەهمینە باسی ئەوە دەکات کە تامەزرۆی بینینی ڕۆستەم بووە، ئەم تامەزرۆبوونەش لە پاڵەوانی و زیرەکی و هێزی باز و ناوبانگی ڕۆستەم لەلای تەهمینە درووستبووە، وایکردووە شێوەی ڕۆحی پیاوانەی ناخی لەسەر ئەم سیفەتانەی ڕۆستەم بنیادبنێت، جیا لەمانەش وەک یۆنگ باس دەکات، هەموو ئەو تەرزە سەرەتاییانە ڕەگێکی بۆماوەیین و لە باب و باپیرەوە بۆ ئێمە دەگوازرێنەوە، بۆیە عاشق بوونی ئەم جۆرە کەسانە لەدێر زەمانەوە هەبووە و ئێستاش بەردەوام بوونی هەیە، ئەگەر سەیری ئافرەتانی ئەم سەردەمە بکەین دەبینین لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەنیان شەیدای ئەو کەسایەتیانە دەبن کە وەک نموونەیەکی دیاری نێو کۆمەڵگان جا کەسایەتییەکان (سەرکردە ، سیاسەتمەدار ، بازرگان ، گۆرانیبێژ) بن، تەهمینەش بەم هۆیەوە شەیدای ڕۆستەم دەبێت.

پێابە جە ئەسپ دەست بەرد پەی کەمەر          ناگا کڵاوخوود، ئەر کنیا جە سەر
دو زڵف قەطران، گیسوو چوون کەمەن          ڕند ئێران بی، شێر هونەرمەن
وەختێ خجڵ مەن جە مەیدانکار          وە حیلەبازی، ئاما وە گوفتار

(چەمەنئارا، ٢٠٢٣ : ١٤٤-١٤٥)

لەم دیمەندا لەکاتی شەڕی نێوان (سەمەنبوو و زۆراب)دا هەست بە دەرکەوتنی (ئەنیما) دەکەین لەلای زۆراب، لەوکاتەوەی بۆی دەردەکەوێت ئەو جەنگاوەرەی شەڕی لەگەڵ دەکات ئافرەتە و خاوەن جوانییەکی سەرسوڕهێنەرە، زۆراب شەیدای (سەمەنبوو) دەبێت، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی (ئەنیما) لەلای زۆراب سەردەردەکات، بریتییە لە هەست و سۆز و بەزەیی، چونکە لە شەڕی تەن بە تەندا یەکێک لە یاساکانی ئەوەیە هەر جەنگاوەرێک ببەزێت، دەبێت لەلای جەنگاوەری براوە بکوژرێت یاخود قۆڵبەست بکرێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا بەهۆی میهرەبانی زۆراب (سەمەنبوو) بە زیرەکی خۆی و تاکتیکی شەڕکردن فێڵ لە زۆراب دەکات و خۆی ڕزگاردەکات، لەم دیمەنەدا تەرزە سەرەتاییەکانی (ئەنیما) لای زۆراب و (ئەنیمۆس) لای سەمەنبوو دەردەکەوێت، یەکیان بە دۆخی نەرێ دەبێت کە (ئەنیما)ی زۆراب بەسەر خودی کەسایەتی یاخود ئیگۆی زۆراب زاڵدەبێت و وادەکات نەتوانێت بڕیارێکی درووست بدات لەم بارودۆخەدا. بەڵام (ئەنیمۆس)ی سەمەنبوو لە دۆخی ئەرێنی دایە و دەتوانێت لەم بارودۆخە هەنوکەییەدا بە ژیرانە بڕیار بدات، بتوانێت هاوسەنگی نێوان ئەنیمۆس و ئیگۆی خۆیدا ڕابگرێت و خۆی لەم دۆخە ناهەموارەدا ڕزگاربکات.

پێا بی جە ئەسپ، خەستەی دڵزخاڵ          گووش دا بە ڕازان واتەی پیرەزاڵ

ئەوسا جەو دما، زاڵ زەمانە دەستش گرت وە دەست، بەردش وە یانە

شەو نیشتەن وە شاد، چەنی پیلەتەن شکووفا جە طەرح گوڵ خونچەی چەمەن

(چەمەنئارا،٢٠٢٣ : ٢٧٦)

لەم دیالۆگەی نێوان ڕۆستەم و تەهمینە و زاڵ، (زاڵی باوک) وەک پیرێکی دانا ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە نێوان ڕۆستەم و تەهمینە ئەمەش یەکێکە لە سیفەتەکانی کاملبوونی ئەنیمای ناخی پیاوکە بتوانێت لە دۆخە هەستیارەکان بە وشە و دەستەواژەی کاریگەر چارەسەری ئەم دۆخانە بکات.

**٣. ٢ پاڵەوان**

یەکێک لە بنەما و کەرەستە سەرەکییەکانی داستان و گێڕانەوەکان، بریتییە لە کارەکتەری پاڵەوان، هەریەکێک لە تیۆریس و لێکۆڵەرە ئەدەبییەکان بەشێوەیەکی جیاواز باس لە پاڵەوان دەکەن، بەڵام یەک خاڵی هاوبەش دەیانگرێتەوە، ئەویش بریتییە لەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێنە پێش ڕێڕەوی پاڵەوان، یۆنگ هەر قۆناغەک و کۆسپێک لەبەردەم پاڵەوان و دروستبوون و بنیادنانی پاڵەوان بە تەرزە سەرەتاییەک دەبەستێتەوە و دەیبەستێتەوە بە نەستی گشتی، تێگەیشتنی یۆنگ بەسەر دوو بەشی جیاواز و هاوبەش پێکهاتووە، بریتییە لە بنیادنانی خود لە نائاگاییەوە بۆ ئاگایی، هەروەها لە ئاگاییەوە بۆ دروستکردنی پاڵەوان بە یارمەتی و سوودوەرگرتن لە نائاگاییەوە، بۆیە هەر چوار جۆری بنیادنانی کەسایەتی خود (سێبەر ، دەمامک ، خود ، ئەنیما و ئەنیمۆس) ڕۆڵ دەبینن لە بنیادنانی کەسایەتی و هەموو ئەو تەرزە سەرەتاییانەی کە یۆنگ لە ڕێڕەوی پاڵەواندا دەستنیشانیان دەکات.

دەستەواژەی پاڵەوان (Hero) تەنها خۆی لە ناونیشانێکی سادە نابینێتەوە، بەڵکو ئاماژەی بۆ ئەو ڕەمز و هێمایە کەلتوری و مێژوویانەی تایبەت بە کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو، لە ڕوانگەی ئەفسانەناسی، پاڵەوان ئاماژەیە بۆ ئەو بونەوەرانەی خاوەنی جەستەیەکی بەهێز و هێزێکی سەروسروشتین، یاخود بونەوەری نیمچە خواوەند بوون، واتە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤێک و خواوەندێک درووست بوون، لە توانایاندا هەیە شەڕ لەگەڵ ئەهریمەنەکان دا بکەن و لەناویان ببەن، یەکسانی و دادپەروەری بۆ جیهان بگەڕێننەوە، بەڵام بە گۆڕانی سەردەم و تێپەڕبوونی کات ئەم تێڕامان و وردبوونەوە و دەربڕینانە بۆ دەستەواژەی پاڵەوان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، لە هێزی جەستەی و نیمچە خواوەند بوون ، گۆڕاوە بۆ هێزی دەروون و ناخی کەسەکان، کە تا چ ڕادەیەک دەتوانن لە جەنگی ناخی خۆیان سەرکەوتو دەبن، لێرەدا پاڵەوان ئەو کەسە نییە کە شەمشێر وەشێنێکی چاک و شەڕکەرێکی باش بێت، بەڵکو ئەو کەسەیە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ خۆ ڕاگرێت لەبەرامبەر هەموو ئەو ناخۆشییانەی لەژیانیدا دێنە بەردەمی، جۆزێف کامبل لە پێناسەکردنی پاڵەوان دا دەڵێت (پاڵەوان ئەوکەسەیە ژیانی خۆی بۆ شتێکی گەورەتر لە خۆی تەرخان دەکات) لە سەردەمی هاوچەرخ (مۆدێرن) پێناسەی پاڵەوان گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، پێناسەیەکی سادەتربووە لە ڕوی ڕوکەشەوە بەڵام لەڕوی قوڵەوە واتاکەی لە گۆشەیەکی بەرتەسک نەماوەتەوە وەک سەردەمی ئەفسانەکان، لەم سەردەمەدا هەموو کەسێک دەتوانێت ببێت بە پاڵەوان، سەرکردەیەک دەتوانێت ببێت بە پاڵەوان، کاتێک خەڵکەکەی دووچاری قەیرانێکی تاقەت پروکێن بوونەتەوە، بتوانێت لەم قەیرانە ڕزگاریان بکات، دەکرێت پزیشکێک ببێت بە پاڵەوان، کاتێک جیهان ئالودە بوە بە


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

فایرۆسێکی بکوژ، بتوانێت دژە ڤایرۆسی ئەم دەردە بدۆزێتەوە، مامۆستایەک دەکرێ ببێت بە پاڵەوان، کە هیوا بە فێرخوازان بدات بۆ سەرکەوتن و سەربکەوێت، لە نێو کۆمەڵگایەک خویندن دوا بژاردەی چارەسەری قەیرانەکانیش نەبێت.

لێرەدا چاوێک دەخشێنین بەنێو هەندێک لەو فەرهەنگانەی باسی زاراوە و دەستەواژەی پاڵەوانییانکردوە، جا هەرکاتێک باس لە زاراوەیەک دەکرێت سەرەتا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ زمانی یۆنانی، چونکە زاراوەی (Hero) کە لە زمانی ئینگلیزی بەکاردەبردرێت، بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زاراوەی (Heros)، "دەستەواژەی و بنەچەی پاڵەوان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی، بە واتای پارێزگار و خزمەتکار دێت" (کشتکار و همکاران، ١٣٩٤ : ١٢٦) کارەکتەرەکە دەبێت بنەچەیەکی خواوەندی هەبێت، لەسەردەمی کۆن بەکارهاتووە، بەڵام دوای ئاشنابوونی ئەدەبی ئەورووپی بە ئەدەبی یۆنانی کۆن، ئەم دەستەواژەیە خزاوەتە نێو ئەدەبی ئەورووپی و بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتووە، لە زمانی عەرەبیش دەستەواژەی (بطل ، صنديد) بۆ کەسێک بەکارهاتووە، توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەبێت و بەهۆیەوە لە کەسەکانی تر جیاواز دەبێت، لە زمانی فارسیش هەردوو دەستەواژەی (پهلوان ، قهرمان)ی بۆ بەکارهاتووە، بەکەسانێکی جوامێر و چاونەترس و زۆرانباز و بەهێز وتراوە، لە زمانی کوردیشدا دەستەواژەی (پاڵەوان ، قارەمان)ی بۆ بەکارهاتوە، لە توانایاندا هەیە، کاری سەروسروشتی ئەنجامبدەن و هێزێکی لە ڕادەبەدەر و جەستەیەکی بەهێز و خۆڕاگریان هەیە.

لە فەرهەنگی خاڵ قارەمان بە (مەردوومی جوامێر و ئازا)پێناسەکراوە و پاڵەوانیش بە (پیاوی بەهێزی دارێژراوی زۆرانباز)پێناسەکراوە، د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە پیناسەکردنی پاڵەواندا دەڵێت "پاڵەوان کەسانی ئازا و کەسایەتیی بوێرن، توانایەکی ئەفسووناوی و لەڕادەبەدەر و سروشت بەزێنیان هەیە، نازانن مەترسی چییە، لەپاش شەڕ و ململانێ و دەردەسەرییەکی تاقەتپروکێن، دواجار نابەزن و بە سەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە" (ئەسوەد، ٢٠١١: ١٧٨) ئەم شێوە پێناسەکردنی پاڵەوان ئەوەمان بۆ دەردەخات، پاڵەوان جیا لەو هێزە جەستەیی و خواوەندییەی هەیەتی، دەبێت بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابێت سوودبەخش بێت و زیانی بۆ دەوروبەری خۆی نەبێت، واتە پاڵەوان چۆن لە نێو کۆمەڵگا دەردەکەوێت دەبێت لەگەڵ دەروونی و بەشی نائاگایی خۆی دا بەردەوام لە پەیوەندی دابێت تاکو بتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەو بەربەستە نەرێنییانەی لە نائاگایی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە.

**٣. ٢. ١ گەشتی پاڵەوان**

یەکێک لە بنەما و کەرەستە سەرەکییەکانی داستان و گێڕانەوەکان، بریتییە لە کارەکتەری پاڵەوان، کە هەموو نوسەرێک لە نوسینەکانی پشتی پێ دەبەستێت و بە کەرەستەیەکی گرنگی نێو نوسینەکان دادەنرێت، بۆیە هیچ دەقێکی ئەدەبی نابینین کە کارەکتەری پاڵەوانی تێدا بەدی نەکرێت، بەتایبەت ئەو ئەفسانانەی باسی ژیان و بەسەرهاتی پاڵەوانێک دەکەن، وەک ئەفسانەی (ڕۆستەم و زۆراب) وەک ئەفسانەی پاڵەوانان ناوی دەبرێت.

"لە هەموو ئەفسانە و ئەستورەکاندا، پاڵەوان هێمای ئاگایی ( هۆشیاری) پاڵەوانە، هێمای ئاگایی من، هەوڵدانە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێش چوون" (سيروس، نوفلی، ١٣٩٩: ٦٨٥) ئەفسانە لە گۆشەنیگای یۆنگ، تەنها حەکایەتێکی میللی و فۆلکلۆری نییە، بەڵکو بەشێکی زیندووی دەروونی مرۆڤە، لەبەرئەوەی یۆنگ پێیوابوو دەروونی مرۆڤ بەسەر دووبەشی سەرەکی دابەش دەبێت، بریتیین لە ( نائاگایی تاک)کە لە ئەزموون و حەزە سەرکوتکراوەکان درووست دەبن لەگەڵ (نائاگایی دەستە جەمعی) لەلایەنێکی قوڵتری نائاگایی مرۆڤە کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین

بڵێین بە بۆماوەییە لە نێو مرۆڤەکان گواستراوەتەوە، "شێوەکانی پاڵەوان کاتێک دەردەکەون کە من (ئیگۆ) پێویستی بە بەهێزبوون و بەرەوپێش وەچوونەوە هەبێت، واتە کاتێک ئاگایی ناتوانێت کارێک بە تەنهای ئەنجامبدات، پێویستی بە نائاگایی دەبێت" (فرضی، ١٣٩١: ٣) کاتێک کە ئیگۆ دەست بە گەشتەکەی خۆی دەکات بۆ بوون بە پاڵەوان و گەیشتن بە ئامانجی خۆی لە قۆناغی یەکەمدا سەرەتا لەشێوەی من (ئیگۆ)دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت، تا ئەوکاتەی کە ناتوانێت کارەکانی خۆی بە باشی ئەنجامبدات، واتا ناتوانێت بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانە زاڵ بێت کە لە گەشتەکەیدا ڕووبەڕویان دەبێتەوە، بۆیە پێویستی بە بەشی نائاگایی ناخی خۆی دەبێت، تاکو بەهۆیەوە خۆی بەهێزبکات و بتوانێت بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانە زاڵبێت کە هاتوونەتە پێشی.، بۆیە کاتێک من (ئیگۆ) توانی ئەم پەیوەندییە دروستبکات، لەو کاتەدا "پاڵەوانی سادە ڕووبەڕووی ئەزموونێک دەبێتەوە، ئەم بوونەوەرە دەستبژێرە، سەختی و ڕێگرییەکان نابنە هۆی دواخستنی" ( کامبل، ٢٠٢٠: ٣١٥) پاڵەوان بەردەوام لە هەوڵدان و بەرخودان دایە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدات، ئەگەر ئەم ڕێگایەش دژوار و پڕاوپڕبێت لە کۆسپ و تەگەرە، ئەمەش وا لە پاڵەوان دەکات بەردەوام لە هەوڵی خۆ بەهێزکردن و پەرەبەخۆدان دابێت، تا بتوانێت بەسەر هەموو ئەو شتانەدا زاڵبێت، ئیدوارد تایلۆر(١٨٣٢-١٩١٧) لەبارەی پاڵەوان دەڵێت: "کاتێک پاڵەوانێک لە دایک دەبێت، بەهاوکاری مرۆڤ یان ئاژەڵ ڕزگار دەکرێت و پەروەردە دەکرێت، لە کۆتاییدا دەبێت بە پاڵەوانێکی نەتەوەیی" (ممتاز و حسینی، ١٣٩٢: ١٤٧) ئەمە بەواتای ئەوەیە، کاتێک دەستپێکی دەستکردنە بەگەشتی پاڵەوان، پاڵەوان لە هەموو تواناکان و چارەنووس و شوێنی خۆی بێئاگا دەبێت، بۆیە سەرەتای ژیانێکی خۆش دەژیت، هەمووکات سەرەتاکانی تەمەنی منداڵی پاڵەوانەکە دەبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات پەی بەو هێزە ناسروشتیەی ناخی دەبات، بەهۆیەوە جیاواز دەردەکەوێت لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆیدا، چونکە "پاڵەوان هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی ماددی و مەعنەوییە، ناتوانین لای ئەو کەسایەتییانەی تر بیانبینین، کە هاوڕێیەتی دەکەن، یاخود دەوروخولی دەدەن" (بەرزنجی،ع. و بەرزنجی،ع. ،٢٠٢٤: ١١٥-١١٦)

ئەفسانەکان بەرهەمێکی زۆر فراوانن، هیچ کات ناتوانین لەیەک ئاراستەوە لێی بکۆڵینەوە، تاکو بتوانین لە هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی ناو ئەفسانەکان تێ بگەین، چونکە "ئەفسانە لەم تەکنیکانەی خۆیدا پشت بە بەکارهێنانی سێبەرە جادوویەکانی وشە دەبەستێت" (ئەلسەواح، ٢٠٢٢: ٤٢) بەکارهێنانی هەر دەستەواژە و ناوێک لە نێو ئەفسانەکاندا چەندان واتا و مەبەستی جیاواز لە ژێر واتا و ئەو دەستەواژانە حەشاردراوە، تاکو لەو دەلالەت و مەبەستانەی پشت ئەم دەستەواژانە تێنەگەین، ناتوانین لە مەبەستی ئەم ئەفسانانە تێبگەین، ئەگەر ئەفسانەی (ڕۆستەم و زۆراب) وەک گەشتێکی دەروونی وەربگرین، ئەوە هەموو ئەو دەستەواژە و ناوانەی ناو ئەفسانەیە دەلالەتە لە تەرزێکی سەرەتایی ناو نائاگایی دەستەجەمعی، کە (ڕۆستەم) ئەرکی تەرزە سەرەتایی (پاڵەوان) دەبینێت، بەردەوام بە درێژای ئەفسانەکەدا لە هەوڵی دۆزینەوەی خودی ڕەسەنی خۆی دایە، بەمەبەستی دۆزینەوە و گەیشتن بە کاملبوون، (تەهمینە) ئەرکی خێزانی ڕۆستەم دەبینێت ئەرکی تەرزە سەرەتایی (ئەنیما)ی بەشی نائاگایی دەستەجەمعی ڕۆستەم دەبینێت، کە لە قۆناغێک لە گەشتی ڕۆستەم دەردەکەوێت و بنیادی ڕووداوەکانی لەسەر بنیاد نراوە، لە بەرانبەریشدا کارەکتەری (زۆراب) ڕۆڵی کوڕی ڕۆستەم ببینێت، ئەرکی تەرزە سەرەتایی (سێبەر) دەبینێت، کە خۆی لەو حەز و ئارەزوو و خەون وخولیایانەی ڕۆستەم دەبینێتەوە، کە بە درێژایی تەمەنیدا لەم بەشەی نائاگاییدا خۆیان



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

حەشاردراوە، لەپاڵ ئەمەش دا هەموو ئەو سەرکەوتن و هێز و توانایەی بەدەستی هێناوە، لە کۆی ئەفسانەکانی تری (شانامە)ی تایبەت بە ڕۆستەم، وایکردوە ناوبانگی (پاڵەوانی مەزنی ئێران) وەربگرێت، ئەمەش لە ئەفسانەی ڕۆستەم و زۆراب دەردەکەوێت و دەکەوێتە بازنەی تەرزە سەرەتایی (دەمامک)، هەرکاتێک ڕۆستەم توانی هاوسەنگی لەنێوان ئەم بەشانەی نائاگایی دەستە جەمعیی خۆی درووست بکات، ئەوکات دەبێت بە پاڵەوان و گەشتەکەی بەسەرکەوتوویی بەئامانج گەیاندوە، چونکە یۆنگ دەڵێت "یەکەم سەرکەوتنی پاڵەوان سەرکەوتنە بەسەر ناخی خۆی دا" (شواليه و گربران، ١٣٨٥ : ٤٩٠) هەرکاتێک پاڵەوان لە گەشتەکەی خۆیدا بتوانێت هەماهەنگی لە نێوان بەشەکانی دەروونی خۆی درووست بکات و هاوسەنگی لە نێوانیان ڕابگرێت، واتە بتوانێت پەیوەندی لە نێوان بەشی ئاگایی و نائاگایی تاک و دەستە جەمعی درووست بکات. ئەوکات دەتوانێت دەست بە گەشتەکەی بکات، واتە دەبێت پاڵەوان سەرەتا بەسەر هەموو لایەنە باش و خراپەکانی دەروون و ناخی زاڵ بێت، تاکو بتوانێت ببێت بە پاڵەوانێکی کامل و بێ وێنە. لایەنی خراپی سێبەر دەبێتە هۆی ئەوەی وا لە پاڵەوان بکات نائومێد بێت لە بنیادنانی کەسایەتیی خۆی "لە هەمانکاتدا خۆی بە جۆرێک دەبینێت، کە ناتوانێت واقیع بگۆڕێت یان دەوڵەمەندی بکات" (ئیسماعیل و بەکر، ٢٠٢٤ : ١٩٠) درووستبوونی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەلای پاڵەوان لەوکاتەی دەستی بە گەشتەکەی خۆی کردووە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم پاڵەوانە نەتوانێت لە گەشتەکەی خۆی بەردەوام بێت و نەگات بە خودی ڕەسەنی خۆی، بۆیە لەم کاتەدا کەسێک دەردەکەوێت دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانێت ئەم قۆناغە هەستیارەی خۆی تێپەڕێنێت، وەک پیرێکی بیرمەند یاخود پیاوێکی چاکەکار دەردەکەوێت، کە بەزۆریش لە ئەفسانە و حیکایەتە کوردییەکان لە شێوەی (خدری زیندە) خۆی دەردەخات، کە پاڵەوان کەوتە گێژاوێکی دەروونی لە توانایدانییە خۆی لەم گێژاوە ڕزگاربکات، ئەم حاڵەتە لە ئەفسانەی ڕۆستەم و زۆراب دەردەکەوێت، دوای ئەوەی ڕۆستەم زۆرابی کوڕی دەکوژێت دەکەوێتە نێو ئەم گێژاوە دەروونییە و بە هاوکاری زاڵی باوک لەم گێژاوە ڕزگاردەکرێت، بۆیە "بۆ دۆزینەوەی خودی ڕەسەن پێویستە دوو شت فێربین، دەبێت فۆکس بخەینەسەر شوێنی خۆمان و ئەزموون و بیرکردنەوە و کار و کردەوەکانمان، هەروەها دەبێت بەردەوام بەدوای ئەو تەرزە سەرەتاییە نادیارەکانی ناخمان بگەڕێین" (دانیلز، ١٣٧٢: ١٥) پاڵەوان دەبێت پێش دەستپێکی هەر گەشتێک، سەیری ئەو ناوچە و شوێنانە بکات کە مەبەستییەتی گەشتەکەی لێیەوە ئەنجامبدات و لێکدانەوەش بۆ هەموو ئەو حەز و ئارەزوانەی بکات کە دەبنە سەرچاوەی گەشتەکەی، لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت سەرەتا لەو لایەنە نادیارانەی دەروونی خۆی ورد بێتەوە، بۆئەوەی بزانێت تا چ ڕادەیەک هاوکار یان دژکاری دەبن لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەو گەشتەی بەنیازە ئەنجامیبدات، هەرکاتێک ئەم کارانەی بە باشی ئەنجامدا، ئەوکات دەکرێت لە گەشتەکەی سەرکەوتوو بێت.

**٣. ٢. ٢ قۆناغەکانی گەشتی پاڵەوان**

لە دوای هەموو ئەو سەرنج و تێڕوانینانەی لەبارەی پاڵەوان و گەشتی پاڵەوان ئەنجاممان دا بە پشت بەستن بە تێڕوانین و سەرنجەکانی یۆنگ، گەشتی پاڵەوان بۆ پێنج قۆناغ دابەش دەکەین، لەم گەشتەدا تەنها کارەکتەری (ڕۆستەم) وەردەگرین لە نێو هەردوو ئەفسانەی (ڕۆستەم و زۆراب) کوردی و (رستم وسهراب)ی فارسی بەپێی قۆناغەکانی گەشتی پاڵەوان ڕاڤە و شرۆڤەی گەشتەکەی (ڕۆستەم) دەکەین بۆ ناخی خۆی و هەوڵدانی بۆ بنیادنانی خودێکی ڕەسەن.

**٣. ٢. ٢. ١ بانگێشتکردن بۆ گەشت ( وریاکردنەوەی ئیگۆ)**

لەم قۆناغەدا پاڵەوان لە حاڵەتی (ئیگۆ-من)دا دەژی، واتە پاڵەوان لە بەشی ئاگایی خۆی دایە و هێشتا پەی بەو بەشەی ناخی خۆی نەبردووە، کە بە بەشی نائاگایی دادەنرێت، ئەو بەشەیە بەهۆیەوە بیردەکەینەوە و بڕیار دەدەین و ئەو ڕووە کۆمەڵایەتییە کە درووستمان کردووە، بەکاری دەهێنین لەم قۆناغەدا پاڵەوان بەشێوەیەکی گشتی بەپێی بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی دەژیێت، بەڵام کاتێک ئەم گەشتە دەست پێ دەکات، (ئیگۆ-من) ناتوانێت وەڵامێکی ڕوون و درووست بۆ ئەو داواکارییە قوڵانەی دەروونی بداتەوە، ئەم دۆخە لەوانەیە بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراو درووست بێت، وەک بزربوونی (ڕەخش)ی ڕۆستەم لەم دۆخەدا (ئیگۆ-من)هەست بە هەبوونی کەموکوڕی دەکات، بۆیە هەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕییانە، ئەوە دەبێتە سەرەتایەک بۆ ئەنجامدانی گەشتی دەروون.

| | |
|---|---|
| رووسەم جە خاودا ، تەن کێشا خێزا | هورێزا وە پا چوون بەور ستێزا |
| هەرچەن نگا کەرد ، ڕەخش نەبی دیار | هورگێلا جە ڕەگ ، شی نە جامەی قار |

(چەمەنئارا، ٢٠٢٣ : ٨٦-٨٧)

لەم دوو بەیتەدا ڕۆستەم لە دوای ڕاوکردن و خواردنی گۆشتەکە، ئەسپەکەی خۆی لەم دەشت و دەرە بەرەڵاکرد و نووست، ئەمە دەلالەتە بۆ ئەوەی ڕۆستەم وێنەی (ئیگۆ)یە بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار دەکات و بێئاگایە لە بەشی دەروونی، بەڵام لەکاتی خەودا بەشی نائاگایی دەردەکەوێت و بەشێک لە ئیگۆی ڕۆستەم دەبات، واتە درووست بوونی داواکاری پێ وەڵام لەلای (ئیگۆ)، ڕۆستەم هەلی بە دەست هێنانەوەی ئەسپەکەی (ڕەخش) دەدات ، واتە هەوڵی (ئیگۆ)یە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو داواکارییەکانی کە لە بەشی ئاگاییەوە ئاراستەیان کردووە.

**٣. ٢. ٢. ٢ بەجێهێشتنی شوێنی ئارام (جوڵەپێکردنی ئیگۆ)**

شوێنی ئارام؛ دەلالەتە لە باوەڕ و بیرکردنەوە و داب و نەریتیە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەمووی گرنگتر بوونی تەرزە سەرەتای (دەمامک)ە، واتە ئەو ڕوخسارە کۆمەڵایەتییەی لە نێو کۆمەڵگا پاڵەوان بە ڕووی ڕوخساری دەیپۆشێت، لەسەر بنەمای ئەو ناوبانگ و نازناوە دروستبووە، کە لەنێو کۆمەڵگا بۆخۆمان بنیادمان ناوە، (ئیگۆ-من) لەم شوێنەی تێیدا دەژیێت، هەست بە ئارامی دەکات، بەڵام ئەم شوێنە بۆ بیر و باوەڕی پاڵەوان بچوکە، واتە ناتوانێت هەموو کەموکورییەکانی خۆی لەم شوێنەدا چارەسەربکات، وازهێنان یاخود بەجێهێشتنی ئەم شوێنە بەواتای جێهێشتنی شوێنی ئارام دێت، کە بۆ ماوەیەکی زۆر تێیدا ژیاوە، بەڵام هەست بە بچوکی شوێنەکە دەکات لە ئاست خەونەکانی، واتە ئەم (ئیگۆ)یە بەتەنها ناتوانێ هەموو کارێک بەتەنها ئەنجامبدات ، لەم دۆخەدا کەسەکە بە ئارەزووی خۆی یاخود لە ژێر فشارە دەروونییەکانی ڕێگە بەوە دەدات، بۆ گەشەکردنی خۆی گەشتەکەی دەستت پێ بکات بۆ نێو لایە تاریکەکانی ناخی.

لە ئەفسانەی ڕۆستەم و زۆراب، ونبوونی (ڕەخش) هەبوونی شوێن پێی تاکو شاری سەمنگان، ئاماژەن بۆ ئەو پەیامانەی کە لە بەشی نائاگایی ئاراستەی (ئیگۆ) کراون، شوێن پێ هەڵگرتنی ڕۆستەم بەواتای دەرچوون دێت لە ناوچەی ئارام بۆ بەشی نائاگایی کە بە شاری (سەمنگان) وێناکراوە.

| | |
|---|---|
| بێدار بیم جە خاو ، هورێزام وە پا | دیام ک ڕەخشم ، نەمەندن نەو جا |
| شوونم ئاوەردەن ، من بە شار توو | بە گوزرم شارت ، قەتڵ عام مەبوو |

(چەمەنئارا، ٢٠٢٣ : ٩٣)

لە بەیتەکەدا پاڵەوان بەردەوام لە سەر پشتی (ڕەخش) گەشت و جەنگ و کارەکانی کردووە، ئێستا گەشتەکەی دەبێت بە پیادە دەست پێ بکات، ئەمەش دەلالەتە بۆ ئەوەی کە (ئیگۆ) لەم شوێنەی ناتوانێت فراوانتر بیربکاتەوە یاخود ئەم شوێنە ئارامە لە ئاست تێڕوانین و بۆچوون و حەزەکانی بچوکترە، بۆیە بەدوای شوێنێک دەگەڕێت بتوانێت خودێکی نوێ بنادبنێت، بونی شوێن پێی (ڕەخش) ئاماژەیە بۆ ئاراستەکردنی (ئیگۆ) واتە ڕۆستەم بۆ شاری سەمەنگان کە وێنەی نائاگاییە.

**٣. ٢. ٢. ٣ ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستەکان (گەیشتن بە بەشی نائاگایی)**

ئەم قۆناغە بە گرنگترین قۆناغی گەشەی پاڵەوان دادەنرێت، چونکە لەم قۆناغەدا (ئیگۆ) ئەو هێز و گەورەییەی نامێنێت کە لە کاتی ئاگاییدا هەیبوو، بەڵکو دەبێت بە بەشێکی بچوک لەنێو نائاگاییدا، لەگەڵ هەموو ئەو چەپێنراوە غەریزە و سێکسیانەی لەکاتی ئاگاییدا، بەهۆی بونی تەرزە سەرەتایی (دەمامک) پشت گوێی خستوون و لەم بەشەی دەروونیدا گیرساونەتەوە، ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تەرزە سەرەتای (سێبەر) دەبێت، کە دەتوانین بە سندوقی حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکان ناوزەندی بکەین، زۆربەیکات (ئیگۆ-من) ناتوانێت بەسەر ئەم بەربەستانەدا زاڵ بێت و سەربکەوێت، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی یەکەم، چونکە سەرکەوتن بەسەر ئەم بەربەستانە (ئیگۆ) نزیک دەکاتەوە لە گەیشتن بە (خودی ڕەسەن).

ڕۆستەم سەرەتای گەشتەکەی لەنێو نائاگایی دا بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەرزە سەرەتای (ئەنیما) دەست پێ دەکات، لەم ئەفسانەیەدا کارەکتەری (تەهمینە) نوێنەرایەتی تەرزە سەرەتای (ئەنیما)ی ناخی ڕۆستەم دەکات، لەم کاتەدا (ئیگۆ) هەرچەند بەهێزبێت، ناتوانێت خۆی لەبەردەم (ئەنیما) ڕابگرێت، بۆیە لەوکاتەدا (ئیگۆ) لەوە تێدەگات دەبێت پەرە بەخۆی بدات، تاکو بتوانێ ئەم هەموو هێزە نەبەزێندراوانەی ناخی بەیەکەوە هەماهەنگ بکات، چونکە هەرچەند ڕۆستەم لە دونیای دەرەوە پاڵەوانێکی نەبەزیوە، ئەوە لە دونیای ناخیدا، پێکهێنەری بەشێکی بچوکی نێو نائاگایی زیاتر نییە.

یاوا وە رووسەم ، شی وە سەرینش مالاَ وێش وە خاک صەدر جەمینش

بێدار بی جە خاو ، باوە نورشیدە دیش ک نێشتەبی ، یەکسەر پووشیدە

پاڵەوان ک دیش ، وەنەش بێ سەرسام وەتش واوەیلا ، نەمەند توانام

(چەمەنئارا، ٢٠٢٣ : ١٠١-١٠٢)

لەم دیمەنەدا ڕۆستەم دەگات بە بەهێزترین شوێن لە نائاگاییدا، ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ڕووی ژنانەی ناخی (ئەنیما)کە لە کارەکتەری (تەهمینە) وێنا کراوە، ڕۆستەم (ئیگۆ)یەکەی بەهێز و دەسەڵاتە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم تەرزە سەرەتاییەی ناخی بێهێز و دەسەڵات دەبێت، بۆیە لەوە تێدەگات لەم گەشتەیدا ئەوەی ناتوانێ سودی لێ ببینێ بەکارهێنانی هێزە بەتەنها.

کاتێک ڕۆستەم لەخەو هەڵدەستێت، چاوی بە تەهمینە دەکەوێت و پێی سەرسام دەبێت، بە ئەندازەیەک ناتوانێت هیچ شتێک یان کارێک لەبەرامبەر ئەو جوانییە ئەنجامبدات، چونکە هەموو پاڵەوانێک لەکاتی دەرکەوتنی شتێک یان کەسێکی نامۆ، بە هەموو هێزی خۆی هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی دەدات، بەڵام هەرکاتێک تەرزە سەرەتای (ئەنیما) بۆ پیاو، (ئەنیمۆس) بۆ ئافرەت، لە بەرامبەر (ئیگۆ) خۆی دەردەخات، (ئیگۆ) هیچ هێزێکی نامێنێت بۆ

بەرەنگاربونەوەی، بۆیە هەوڵی قبوکردنی دەدات، نەمانی هێز و توانای ڕۆستەم دەلالەتە بۆ بێهێزبوونی (ئیگۆ)لە ناوچەی نائاگاییدا.

**٣. ٢. ٢. ٤ سەرکەوتن بەسەر بەربەستەکان (یەکگرتنی بەشی ئاگایی و نائاگایی )**

لەم قۆناغەدا پاڵەوان چیتر بەدوای دژایەتیکردن و لەناوبردنی بەشەکانی نائاگایی خۆی نابێت، بەڵکو لەوە تێدەگات دەبێت لەگەڵیان بچێتە قۆناغی یەکگرتن، چونکە لەوە گەیشتوە دەروونی پاڵەوان یەک پارچەیە، هەر بەشێک لەم دەروونە هەڵگری جۆرە پەیامێکە لە درووستکردن یان گەیشتن بە خودی ڕەسەن سود بەخش و کاریگەرن، ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشتر (ئیگۆ) بەشی نائاگایی لا پەسەند نەبوو، دژایەتی دەکرد، بەردەوامیش لەگەڵیان لە جەنگ دا بوو، بەڵام لەم قۆناغەدا هەوڵی درووستکردنی ئاشتی دەدات، لەگەڵ بەشە نائاگایی ەکانی خۆی بە ئامانجی گەیشتن بە خودی ڕەسەن.

واتِ بابوون ڕووسم ، شای کەمەرڵاڵان — شێران جە تاوشت تێخش مەناڵان
ڕووسەم چوون شنەفت ، کێشا ئاهـ سەرد — خەنجەر وست نە خاک ، هورێزا بە دەرد
واتش نیشانەت ، جە ڕووسەم چێشەن — پەنەم واچە ڕاس ،دڵ وە ئەندێشەن
واتش لاڵێوەن ، باهووبەن باڵ — نیشانەی ڕووسەم ، نەوەی توخم زاڵ..
دایەم نە تووران ، بەستەن نە باڵم — نگاکەر بە وێت ، پەشێوەن حاڵم
وەختێ نگاکەر ، دانەی لان وێش — شناساش جە باڵ فەرزەند دڵ ڕێش
دەست دا وە خفتان دیبای چینی کار — جە سەر پارە کەرد خرووشا بە زار

(چەمەنئارا، ٢٠٢٣ : ٢٤٥-٢٤٦)

لەم بەیتە دەگەین بە دیمەنی یەکگرتنی نێوان بەشی (ئاگایی و نائاگایی ) لە دیمەنەکەدا، بە ئاشکرابوونی ناسنامەی ڕۆستەم و مردنی زۆراب ئاشنا دەبین، چەند دەستەواژەیەک بەکارهاتوون دەلالەتن بۆ پەیوەندی نێوان بەشی ئاگایی و نائاگایی، وەک (خەنجەر وست نە خاک، باهووبەن باڵ) لەم بەیتەدا ڕۆستەم شتێک دەکاتە قوربانی کە کەرەستەیەکی پەیوەستبوونی ڕۆستەمە بە بەشی ئاگایی، بۆ تەرزە سەرەتای (دەمامک) دەگەڕێتەوە، بۆیە دانانی (خەنجەر لەسەر زەوی) ئاماژەیە بۆ تەرزە سەرەتایی (ئیگۆ)، کە ڕۆستەم سودی لێ بینیوە لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی بەرامبەر (زۆراب)، وێنەی تەرزە سەرەتای (سێبەر)ە لە ناخی پاڵەوان، دانان و فرێدانی ئەم کەرەستانە بەواتای ئەوە دێت، کە (ئیگۆ) لەوە گەیشت ئەوەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، بەشێکە لە بوونی خۆی، بۆیە لەم چرکەساتەدا قبوڵی ئەم بەشەی دەکات، دوای وازهێنانی لە تەرزە سەرەتای (دەمامک)، دەستەواژەی (باهوبەن باڵ) ئاماژەن بۆ ئەو پەیوەندییەی لەنێوان هەردوو بەشی پاڵەوان تاکو ئەم دیمەنەدا هەرماوە، واتە پەیوەندی (ئاگایی و نائاگایی ) بەڵام کاتێک هەست بەوە دەکەین (ڕۆستەم) چیتر ئەو (دەمامک)ەی بەکارناهێنێت کە لە سەرەتای ڕووبەڕووبونەوەکە سودی لێ وەرگرتبوو، لە کاتی دانانی خەنجەر، ئاماژەیە بۆ دانانی تەرزە سەرەتای (دەمامک) لە ڕووی (ئیگۆ)ی ڕۆستەم، دوای ئەمە هەست بەو پەیوەندییە دەکەین لە نێوان تەرزە سەرەتای (ئەنیما) و (ئیگۆ)ی ڕۆستەم درووست بووە، کە بۆ سەرەتای گەشتەکەی دەگەڕێتەوە، کاتێک لە شاری سەمەنگان چاوی بە تەهمینە دەکەوێت.

**٣. ٢. ٢. ٥ گەڕانەوە دوای گۆڕانکاری (گەیشتن بە خودی ڕەسەن)**

لەم قۆناغەدا ئیتر (ئیگۆ) ئەم بوونەوەرە نییە کە لە ڕابردوو بوونی هەبوو، لە ئێستادا بە تەواوی گۆڕاوە، ئەگەر پێشتر بەهۆی هێز هەوڵی باڵادەستی داوە، لە ئێستادا لە دوای وردبوونەوە و

تێڕامانێکی زۆر ئەوکات بڕیار لە ئەنجامدانی کارێک دەدات، لەم کاتەدا دەتوانێت ڕێنوێنیکار بێت و زانیارییەکانی پەخش بکات، ئەمەش دوای ئەوە درووست دەبێت، کە (ئیگۆ) لەم گەشتەی خۆی بۆ دۆزینەوەی (خودی ڕەسەن)دا سەرکەوتووبووە، بەسەر هەموو بەربەستەکانی زاڵ بووە و ئەوانەی سودمەند و ئەرێنی بوون لەگەڵیان هەماهەنگ و هاوسەنگ و هاوتەریب دەبێت، ئەوانەشی زەرەرمەند و نەرێنین وەلاوە دەنێت و لەناویان دەبات، واتە لەم قۆناغەدا ( ئیگۆ) هەموو بەشەکانی ناو دەروونی خۆی پەسەند دەکات بە هەموو لایەنە خراپ و باشەکانی، هەروەها بەکردارکردنی قۆناغی چوارەم دەمانگەیەنێت بە قۆناغی پێنجەم و گەیشتن بە کاملبوون و خودی ڕەسەن.

| | |
|---|---|
| بشنەو پەی دایەش ، بەردەن حەواڵان | واتەن ک زووراو ، ناورەی ساڵان |
| جە مەیدان وە تیخ رووسم زەبوون بی | سە تا پایباڵاش ، غەڵطان هون بی |
| من چوون عەیاران ، مەپووشان جەمین | لەشکەر مەکێشووم ، وە ئێران زەمین |
| زابڵ و سیستان ، یانەی زاڵ سام | مەسووچوو بە نەفت ، سەرانسەر تەمام |

(چەمەنئارا، ٢٠٢٣ : ٢٧٠)

دوای ئەوەی ڕۆستەم بەسەر تەرزە سەرەتای (سێبەر)ی زاڵدەبێت و دەگاتە قوڵترین بەشی نائاگایی، وای لێدەکات ببێت بە خودێکی ڕەسەن، کە گەیشتنە بە تەرزە سەرەتای (ئەنیما)ی، تەرزە سەرەتای (ئەنیما)، وەک ڕووی یەک دراوە لەگەڵ (ئیگۆ)، چونکە یۆنگ دەڵێت هەموو پیاوێک ژنێک لە ناخی دەژی و هەر ژنێکیش پیاوێک لە ناخی دەژی، هەرکاتێک ئەم دوانە بەیەک بگەن ئەوە ئیگۆ دەگات بەوەی ببێت بە خودێکی ڕەسەن، دوای سەرکەوتنی (ئیگۆ) بەسەر تەرزە سەرەتای (سێبەر)، سەرەتا دەستدەکات بە دروستکردنی پەیوەندییەکی بنیادنەر لەگەڵ (ئیگۆ) چونکە دوای ئەوەی (ئیگۆ) هەست بە (سێبەر)ی ناخی دەکات، ئیتر سود لە تەرزە سەرەتای دەمامک نابینێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی (ئەنیما) بتوانێت بەسەر (ئیگۆ) زاڵبێت، (ئەنیما) لێرەدا هەوڵ دەدات بەسەر بەشی ئاگای پاڵەوان زاڵ بێت و جلەوی بگرێتە دەست، تاکو بتوانێت یارمەتی بدات لە کۆتایهێنان بە گەشتەکەی بۆ گەیشتن بە خودی ڕەسەن و کامل بوون.

| | |
|---|---|
| هورکێشا ئەڵماس ژارئالووی فەرەنگ | بشانوو بە فەرق پاڵەوان جەنگ |
| زاڵ زەڕ ئاما ، دەستش گرت وە دەست | فراوان جە لاش، عوذر ڕووسەم واست... |
| زاڵ وات ئەی فەرزەند ، توو چێش مەزانی | پووسە بەی تەقدیر ئەمر سوبحانی |
| حەکاکان دەور ، مەردان عاقڵ | کەس کار تەقدیر ، نەکەردەن باطڵ... |
| ئەوسا جەو دما ، زاڵ زەمانە | دەستش گرت وە دەس ، بەردش وە یانە |
| شەو نێشتەن وە شاد ، چەنی پیلەتەن | شکووفا جە طەرح گوڵ خونچەی چەمەن... |
| نامش فلامەرز جەنگی نیشان | یەکسەر کووی خەمان ، گوم بی جە لاشان |
| رووسەم چەنی زاڵ ، تەهمینەی بێ گەرد | کەردەن شوکر ذات تاک تەنیای فەرد... |

(چەمەنئارا، ٢٠٢٣ : ٢٧٤-٢٧٧)

دوای ئەوەی ڕۆستەم لەنائاگایی خۆی دا زۆر لاواز بووە و توانای ئەوەی نییە خۆی دەربازبکات، لەم کاتەدا تەرزە سەرەتای (ئەنیما)ی ناخی لەگەڵ ئەو بەشەی ئاگایی ڕۆستەم یەک دەگرێت، کە لەسەر بنەمای هەستی باوکایەتی دروست بووە، ئەمەش (زاڵ)ی باوک نوێنەرایەتی دەکا، دەتوانن لەگەڵ ڕۆستەم (ئیگۆ) پەیوەندی دروستبکەن بۆ ئەوەی دوبارە دەست بە گەشتەکەی بکاتەوە، بۆ دروستکردنی خودێکی ڕەسەن و کامل دەستی پێکردبوو، دوای ئەوەی

پەیوەندییەکە درووست بوو، (ئیگۆ) لەگەڵ بەشی نائاگایی خۆی کە پێک دێت لە تەرزە سەرەتای (ئەنیما و سێبەر) لە پەیوەندی دادەبێت و بەیەکەوە خودێکی نوێ و تازە و ڕەسەن درووست دەکەن، هەروەها لەدایکبوونی منداڵیک بە ناوی فەلامەرز لە نێوان ڕۆستەم و تەهمینە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی (ئیگۆ)ی ڕۆستەم گەشتی پاڵەوانییەکەی خۆی بەکۆتا گەیاندووە و گەیشتوە بە قۆناغی پێنجەم کە درووستکردنی خودێکی ڕەسەن، کە بتوانێت ببێتە ڕێنیشاندەر و هاوکاری کەسانی دەوروبەری خۆی، چونکە لەم خودە نوێیەی ڕۆستەمدا هەموو تەرزە سەرەتاییەکان بەیەکسانی و هەماهەنگی و یەکگرتووی ڕۆڵ دەگێرن لە بڕیاردان و بەڕێکردنی کاتە سەختەکانی ژیان.

**٤ ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامە سەرەکییانەی خوارەوە:

- **گونجان لەگەڵ تیۆرییەکانی یۆنگ:** ئەفسانەی ڕۆستەم و زۆراب بە قووڵی لەگەڵ تەرزە سەرەتاییەکانی یۆنگ (پاڵەوان، ئەنیما و ئەنیمۆس) دەگونجێت و دەکرێت وەک نموونەیەکی دەوڵەمەندی دەروونناسی شیکاری سەیر بکرێت.
- **ناسینی خودی ڕەسەن:** توێژینەوەکە دەریخست کە گەیشتن بە لوتکەی کەسایەتی یان "خودی ڕەسەن" بەبێ تێپەڕین بە قۆناغە سەختەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نائاگایی ئەستەمە؛ وەک چۆن ڕۆستەم تەنها بە خودە کۆمەڵایەتییەکەی (دەمامک) نەیتوانی بەسەر کێشەکانیدا زاڵ بێت.
- **هاوسەنگی دەروونی:** ئەنجامەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پاڵەوان کاتێک دەگات بە کاملبوون کە بتوانێت هاوسەنگی لەنێوان بەشی ئاگایی و نائاگایی (سێبەر و ئەنیما) دروست بکات.
- **گرنگیی ئەفسانە:** توێژینەوەکە سەلماندی کە ئەفسانە تەنها حەکایەتێکی فۆلکلۆری کۆن نییە، بەڵکو ئامرازێکی زیندووە بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتار و ناخی مرۆڤی هاوچەرخ.
- **پێشنیار:** پێویستە توێژەران زیاتر لە ڕەهەندە دەروونییەکانی تێکستە ئەدەبییە کوردییەکان بکۆڵنەوە، چونکە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە یارمەتیمان دەدەن لە ناسینی قووڵتری ناسنامە و ناخی تاکی کورد.

**سەرچاوەکان**

سەرچاوە کوردییەکان

کتێبەکان:


- ئەسوەد، ن. ئا. (٢٠١١). *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی*. سلێمانی: چاپخانەی بینایی.
- بەرزنجی، ع. ت. و بەرزنجی، ع. ت. (٢٠٢٤). *کلیلدان*. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.
- پیربال، س. س. و محەمەد، ز. ج. (٢٠٢٢). '*ئەفسانە لە نێو ئاینە کوردییەکاندا (یارسان، ئیزیدی، بەگداشی)*'، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، (٥٠)، ل ٣٨٥-٤٣٢.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- چەمەنئارا، ب. (٢٠٢٣). *شانامەی کوردی ڕووسەم و زووراو*. بەرگی یەکەم. چاپی دووەم. مەهابات: چاپخانەی مانگ.
- خۆشناو، ف. ع. (٢٠١٣). *ئافراندن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان*. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- شامله، س. (٢٠١٩). *قوتابخانە و تیۆریەکانی دەروونزانی کەسایەتی*. وەرگێڕانی ف. رزگار و م. س. د. عەلی. چاپی دووەم. سلێمانی: چاپخانەی گەنج.
- کامبل، ج. (٢٠٢٠). *پاڵەوانی هەزار ڕوو*. وەرگێڕانی س. ح. پاڵەوان. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.
- نجاتی، م. ع. (٢٠٢٠). *سیگموند فرۆید*. وەرگێڕانی ر. ح. قادر. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی سایە.
- یونگ، ک. گ. (٢٠٢١). *خەونەکان*. وەرگێڕانی م. ه. باوزی. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- یونگ، ک. گ. (٢٠٢٤). *مرۆڤ و هێماکانی*. وەرگێڕانی ئ. ئ. سوڵتان. چاپی دووەم. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

گۆڤارە زانستییەکان:

- ئیسماعیل، ڤ. ع. و بەکر، ه. ح. (٢٠٢٤). *'بنەماکنی فەلسەفەی بێهودەیی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا'*، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ٧(٢)، ل ١٨٨-١٩٦.
- حسێن، ه. ف. و محەمەد، ژ. ع. (٢٠٢٥). *'ئەفسانەی کوردی شاماران لە ڕوانگەی ئارکیتایپەکانی کارڵ گۆستاڤ یۆنگەوە'*، ئەفسانەی کوردی، زانکۆی زاخۆ، بەرگی یەکەم، ل ٥٨٧-٦١٢.

سەرچاوە عەرەبییەکان

- الساواح، ف. (٢٠٢٢). *الأسطورة والمعنى*. ترجمة: ص. ح. پالەوان. الطبعة الأولى. سليمانية: مؤسسة جمال عرفان الثقافية.
- بارت، ر. (٢٠١٨). *أسطوريات*. ترجمة: ت. قريزة. بيروت-بغداد: منشورات الجمل.

سەرچاوە فارسییەکان

کتێبەکان:

- دانیلز، م. (١٣٧٢). *خودشناسی با روش یونگ*. ترجمة: ا. فصیح. چاپ اول. تهران: نشر فاختة.
- شوالیه، ژ. و گربران، آ. (١٣٨٥). *فرهنگ نمادها*. ترجمة: س. فضایلی. جلد چهارم. تهران: انتشارات جیحون.

گۆڤارە زانستییەکان:

- امینی، م. ر. (١٣٨١). *'تحلیل اسطوره قهرمان در داستان ضحاک و فریدون بر اساسی نظریه یونگ'*، مجله علوم اجتماعی و انسانی دانشگاه شیراز، ١٧(٢)، ص ٥٣-٦٤.

- ستاری، ر.، محمودی، م. و زارعی، م. (١٤٠٠). *'ویژگی‌ها و نمودهای آنیما و آنیموس در رمان کلیدر'*، دوفصلنامه تخصصی مطالعات داستانی، ٧(١)، ص ٢٢٥-٢٥٠.
- سیروس، س. ا. و نوفلی، ن. (١٣٩٩). *'تحلیل نمایشنامه زبان تمشکهای وحشی نغمة ثمینی بر اساس نظریه الگوی سفر جوزف کمپبل'* ، پژوهشهای زبان و ادبیات فارسی، ص ٦٨١-٦٩٣.
- فرضی، ح. ر. (١٣٩١). *'نقد کهن‌الگوی شعر قصه شهر سنگستان مهدی اخوان ثالث'* ، ادبیات عرفانی و اسطوره‌شناختی، ٨(٢٨)، ص ١٧٩-٢١١.
- کشتکار، ا.، نقاش‌زاده، م.، پورنوره‌ز، م. و کروالیان، ع. (١٣٩٤). *'مطالعه مولفه‌های خلق قهرمان نوجوان در فیلمنامه بر اساس الگوی سفر قهرمان'* ، فصلنامه پژوهش‌های ارتباطی، (٨٣)، ص ١٢٣-١٤٧.
- ممتاز، ن. ش. و حسینی، م. (١٣٩٢). *'طبقه‌بندی انواع خویشکاری تولد قهرمان در اسطوره‌ها، افسانه‌ها، داستان‌های عامیانه و قصه‌های پریان'*، دوفصلنامه فرهنگ و ادبیات عامه، ١(١)، ص ١٤٣-١٧٠.

سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان (ئینتەرنێت):

- قربانی، م. (٢٠٢١). *نظریه‌ی سفر قهرمان؛ ١٨ وادی خودشناسی و رشد از منظر یونگ*. دیجی کالا. [سەردان کراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٢/٢٥]. بەردەستە لە: /https://www.digikala.com/mag/the-heros-journey
- ماهر، ز. ب. (٢٠٢٠). *ناخودآگاه فردی و ناخودآگاه جمعی از دیدگاه فروید و یونگ*. سیویلیکا. [سەردان کراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١١/٢١]. بەردەستە لە: /١٠١٥٢https://civilica.com/note/

٤. سەرچاوە ئینگیزییەکان

- Jung, C. G. (١٩٦٨). *The Archetypes and the Collective Unconscious*. ٢nd edn. Translated by R. F. C. Hull. London: Routledge. Available at: https://archive.org/details/archetypescollec (Accessed: ٢٨ March ٢٠٢٥).
- Jungian Center (٢٠١٧). *Jung on Myths and Mythologemes*. Available at: https://jungiancenter.org/jung-on-myths-and-mythologems (Accessed: ١٥March ٢٠٢٥).

resources
Kurdish sources
Books:
•Aswad, N. a. (2011). Dictionary of Literary and Critical Terms. Sulaimani: Binayi Printing House.
•Barzanji, A. t. and Barzanji, A. t. (2024). Keychain. First Edition. Sulaimani: Sardam Printing House.
•Pirbal, S. s. and Mohammed, Z.S. c. (2022). 'Myths among Kurdish Religions (Yarsan, Yazidi, Bagdashi)', Kurdish Academy Journal, (50), pp. 385-4
•Chaman Ara, b. (2023). Kurdish epic of Russia and Zuraw. Volume One. Second Edition. Mahabat: Moon Printing House.
•Khoshnaw, F .(2013) .ع .Creation in Kurdish mythology according to the Avesta and Pahlavi texts. Erbil: Haji Hashim Printing House.
•Shamla, S. (2019). Schools and theories of personality psychology. Translated by F. Razgar and M. s .د .Ali. Second Edition. Sulaimani: Ganj Printing House.
•Campbell, c. (2020). The hero of a thousand faces. Translated by S.S. h. The hero. First Edition. Sulaimani: Sardam Printing House.
•Nejati, M .(2020) .ع .Sigmund Freud. Translated by R.S. h. Qadir. First Edition. Sulaimani: Saya Printing House.
•Jung, K.S. c. (2021). the dreams. Translated by M. e. father. First Edition. Sulaimani: Awer Cultural Center.
•Jung, K.S. c. (2024). Man and his symbols. Translated by ئ. ئ. The Sultan. Second Edition. Sulaimani: Sardam Printing House.
Scientific Journals:
•Ishmael, V.S .ع .and Bakr, H. (1999). h. (2024). 'Principles of the Philosophy of Futility in Kurdish Classical Poetry', Koya University Journal of Humanities and Social Sciences, 7(2), pp. 188-1
•Hussein, H. f. and Mohammed, no' .(2025) .ع .The Kurdish Mythology of Shamaran from the Perspective of Karl Gustav Jung's Archetypes', Kurdish Mythology, University of Zakho, Vol. 1, pp. 587-612.
Arabic sources
•Al-Sawah, F. (2022). Myth and Meaning. Translation .ص :h. the hero . التبعة الأولى.Sulaimani: Jamal Irfan Cultural Foundation.
•Barth, R.S. (2018 .أسطوريات .(Translation .قريزة .ت :Beirut-Baghdad: Al-Jamal Publications.
Persian sources

Books:
•Daniels, M.Sc. (1372). Self-knowledge by Rush Jung. Translation ا. : Fasih. First edition. Tehran: Fakhtah Publishing House.
•Shawalia, no. and Grabran, A.S. (1385). Dictionary of symbols. Translation س. :Fazaili. Volume 4. Tehran: Jehun Publishing House.
Scientific journals:
•Amini, M. r. (1381). 'Analysis of the heroic myth in the story of Zahak and Feridoon on the basis of Young's theory', Journal of Social Sciences and Humanities of Shiraz University, 17(2), pp. 53-6
•Starry, R., Mahmoudi, M . and Zarei, M.Sc. (1400). 'Vizgi ha va nmudhay anima va animus dur raman keyder', Bivaslnameh Takhssy Matal'at Dastani, 7(1), pp. 225-250.
•Cyrus, s. a. and Nufli, N. (2006). (1399). 'Analysis of the play Zaban Tamshkahai Wahshi Naghma Thamini on the basis of Joseph Campbell's algoy theory', Persian Language and Literature Research, pp. 681-6
•Farzi, H. r. (1391). 'Criticism of the poetry of the story of the city of Sangstan Mahdi of the Third Brotherhood', Mystical Literature and Cognitive Mythology, 8(28), pp. 179-2
•Kishtkar, A., Naqashzadeh, M., Purnorez, M. and Krualian, A.S. (1394). 'Study of the Creation of Young Heroes in Filmname on the Basis of the Story of Zero Heroes', Chapter of Relationship Research, (83), pp. 123-1
•Mumtaz, N. Sh. and Hosseini, M.Sc. (1392). 'Tabqa Bandi Anwa' Khoishkari Tuld Qahrman Dar Asturaha, Afsaneha, Dastan Hay Amiyana W Qasa Hay Priyan', Dufaslnama Farhang u Adbiyat Ame, 1(1), pp. 143-1
Electronic resources (Internet:(
•Qurbani, M. (2021). Zero Hero Theory; 18 Valley of self-knowledge and enlightenment from Jung's perspective. DJ Kala. [Accessed on 25/12/2 Available at: https://www.digikala.com/mag/the-heros-journey/
•Maher, Z. b. (2020). Individual unconsciousness and collective unconsciousness from the perspective of Freud and Jung. Siwilica. [Accessed on 21/11/2 Available at: https://civilica.com/note/10152/
.4English sources

- Jung, C. G. (١٩٦٨). *The Archetypes and the Collective Unconscious*. ٢nd edn. Translated by R. F. C. Hull. London: Routledge. Available at: https://archive.org/details/archetypescollec (Accessed: ٢٨ March ٢٠٢٥).

- Jungian Center (٢٠١٧). *Jung on Myths and Mythologemes*. Available at: https://jungiancenter.org/jung-on-myths-and-mythologems (Accessed: ١٥March ٢٠٢٥).